گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد[1]

**پ.د. سەلیم پەتروس ئلیاس**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Selim.Elias@.su.edu.krd

**م.ی. رۆژگار سعدی صابر**

بەشی کۆمەڵناسی, کۆلیژی ئاداب , زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Rozhgar.Sabir@su.edu.krd

Rozhgar.Saadi@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**رێکەوتی توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/١٠/١

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٠

بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

*Socialization, Personality, Family, School, Religious, Media*

**Doi:** 10.25212/lfu.qzj.8.4.1

## پوختە

(پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروستکردنی کەسایەتی تاکی کورد) توێژینەوەیەکی زانستی تیۆرییە، بە مەبەستی زانینی پەیوەندی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: خێزان، قوتابخانە، دەزگا ئاینییەکان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:**

1 – زانینی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

٢- دەرخستنی ڕۆڵی قوتابخانە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

٣- ئاشنابوون لە ڕۆڵی دەزگا ئاینییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

[1] تێبینی: بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە مەرجێکە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، کە وەرگیراوە لە تێزی قوتابی دکتۆرا (رۆژگار سعدی صابر) بە ناونیشانی (پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد) بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر دکتۆر (سەلیم پەتروس ئلیاس).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- تێگەیشتن لە ڕۆڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

## پێشەکی

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەڵســوکەوتوو بیرکردنەوەکانی لە دوو ڕێگەوە ســەرچاوە دەگرێــت، ئەوانیش لەڕێگەی بۆمـاوەیی، کە هەنـدێ هەڵســوکەوتوو و ســیفـاتی لە بـاوانەوە بۆ دەگوازرێتەوە، دووەمیشــیان لە ڕێگەی وەرگیراوەوە، ئەمیش بەهۆی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا، کە ئەمەیان پەیوەندی زیاتر لەسەر هەڵسوکەوتوو و بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاک دەبێت؛ پێگەیاندن وەک کردارێک هەموو چالاکییەکی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەدا دەگرێتەوە، مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە ماوەی ژیـانی کۆمەڵایەتیـدا پەیوەنـدی بە بنیـادی ئەم کۆمەڵگاوە دەکـات کە تیـایـدا دەژیـت. کەواتە بنیـاد و کەنـاڵە کۆمەڵایەتییەکـان چوارچێوە بنەڕەتییەکـانی ئەم پرۆسە کۆمەڵایەتیانە دیاری دەکەن، کاردەکەن بۆ دیاریکردن و گۆڕین و ڕێکخسـتن و هەڵسـەنگاندنی ڕەفتاری تاک، بەشـێوەیەک لەگەڵ تاکدا بگونجێت؛ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و سـیاسـی. بۆیە چۆنییەتی بە ئەنجـام گەیـانـدنی ئەم پرۆســەیە کـاریگەری لەســەر ڕەفتـاری تـاک دادەنێـت بە ئاراستەکردنێکی باش، یان خراپ.

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کردارێکی دوور و درێژ و بەردەوامە، ناتوانین بۆ قوناغێک لە قۆناغەکان تایبەتی بکەین، بەڵام قۆناغی سـەرەتایی منداڵ بە باشـترین قۆناغی گەشـەکردن و پێگەیاندنی لەش، ژیری، دەروونی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت. واتە لەم قۆناغەدا کەسایەتی دروست دەبێت و گەشـە دەکات، هەروەها بناغەیەکی پێویسـت بۆ دیاریکردنی ئاراسـتە و نەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا پێکدیت، چونکە بایەخی پێگەیـاندنی کۆمەڵایەتی تەنها بۆ تـاکەکە نییە، بۆ کۆمەڵگاکەشــە کە ئەم تاکەی تیادا دەژیت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### یەکەم/ گرفت و گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

### 1-1- گرفتی توێژینەوەکە:

تێگەیشــتنی کەســایەتی پەیوەند بە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بابەتێکی قورس و ئاڵۆزە، چونکە پێگەیاندن کردارێکی هەمەلایەنەیە، لە یەک گۆشەوە ناتواندرێت پرۆسەکە سەرکەوتوو بێت و کەسایەتییەکی باش بەرهەم بهێندرێت، بۆ ماوەیی و ژینگە پەیوەندیی سەرەکییان بە دروستبوونی کەســایەتی تاکەوە هەیە، تێگەیشــتن لە هەردووکیان بابەتێکی ئاڵۆزە، چونکە بەپێی تاک و کۆمەڵ و کۆمەڵگاکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەنـد بە دروســتکردنی کەســـایەتی تـاکی کورد، چونکە کۆمەڵگـاکەمـان بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگایەکی ناســەقامگیر بووە؛ کە تیایدا پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەری بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەمان؛ بەم هۆیەشەوە تاکی کورد بە تەواوەتی نەیتوانیوە وەک تاکێکی سەربەخۆی پیادەی ئازادی، خۆشەویستی، دەربڕینی بیرو ڕایی خۆی بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم ڕەوشە ناسەقامگیرییە دەروونییەی کە تاکی کورد پێدا تێدەپەڕێت، بووەتە هۆی ئەوەی لەناو گێژاوی پرۆســەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ســیاســی هەنگاو بنێن، پاڵنەرو هۆکارەکانی ئەم پرۆسەیە بوونەتە گرفت و ئاستەنگ لەبەردەم دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد. کە لە هەڵسوکەوتی شڵەژاوی دەروونی ڕۆژانەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمیش بەهۆی ئەم کپکردنەی کە هەر لە منداڵییەوە بەســەر توانا زیندووەکانی تاکی کوردا جێبەجێ کراوە، چ لە کەناڵەکانی پێگەیاندن، چ لە نێوان ئەم سەرکوتکردنە سیاسییە درێژخایەن و ژێربەژێرەی هاتینە بوون کە بوونەتە بەشێک لە بنیادی کۆمەڵگادا. بۆیە ئەم دیاردانە پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە هەیە ، بۆ ئەوەی بخرێتە بەر توێژینەوەی زانســتی کە ئایا پەیوەندی گۆڕاوی ســەرەکی (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی) بە گۆڕای لاوەکی (کەســایەتی تاکی کورد) چەند ڕەنگدانەوەی لەســەر تاکی کوردی هەبووە، لەهەمان کاتدا، ئایا پەیوەندی (دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان) بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد چەند ڕۆڵی هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1-2- گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروســتکردنی کەســایەتی تاکی کورد بابەتێکی گرنگە، دەکرێت لە چەندین بوار و ئاســتی جیاوازەوە گرنگییەکەی بخرێتە ڕوو، بەتایبەت لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی وەک ڕۆڵی ســەرەکی لە دروســتبوونی کەســایەتی تاکی کورد لە کۆمەڵگای ئێمەدا. لەم ڕوانگەوە چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز لەســەر کەســایەتی و جۆرەکانی کەســایەتی و سروشــتی کەسایەتی هەیە، وەک بابەتێکی گرنگ و بە بایەخ، لەهەمان کاتدا، ئاڵۆز. ســەرەڕای بوونی بابەت و توێژینەوەی زانستی و شیکردنەوەی تیۆری، بەڵام هێشتا پێویستیمان بە توێژینەوەی زانستی هەیە لەســەر ئەم بابەتە، چونکە دەبینین دروســت بوونی کەســایەتی بەپێی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگا و ئاستی پێشکەوتنی گۆڕانی بەسەردا دێت. لەڕاستیدا گرنگی بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروســتکردنی کەســایەتی تاکی کورد، بابەتێکی گرنگە بۆ توێژینەوەکە، لەبەر ئەوەی کردارێکە ئاشــنایەتیمان بە چالاکی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگای تاکی کورد زیاتر دەکات و کاریگەری و پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەکاتێکدایە کە کەســیەتی تاکی کورد بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری هەنگاو دەنێت، بۆیە دەمانەوێت گرنگی توێژینەوەکە لە پەیوەندی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەســت بە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی کەســایەتی تاکی کورد بخەینە ڕوو، لەهەمان کاتدا، دەســتنیشــانی گرنگی پەیوەندییە کاریگەرییەکانی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردی پەیوەست بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد دیاری بکەین.

### 1-3- ئامانجی توێژینەوەکە:

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

**1-3-1-** زانینی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**1-3-2-** دەرخســتنی ڕۆڵی قوتابخانە لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروســتبوونی کەســایەتی تاکی کورد.

**1-3-3-** ئاشــنابوون لە ڕۆڵی دەزگا ئاینییەکان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروســتبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1-3-4-** تێگەیشتن لە ڕۆڵی هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**1-4- میتۆدی توێژینەوەکە: (Reaserch Method)**

(میتۆد چەند هەنگاوێکی دیاریکراوە بۆ گەیشتن بەڕاستی) (شوانی، 2015: 22).

**1-4-1- میتۆدی وەسفی: (Descriptive Method )**

ئەم میتۆدە بایەخ بە بەڕاستییەکانی (واقع) ئێستا دەدات. میتۆدی وەسفی دەوەستێتە سەر وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکی دیاریکراو و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەم دیاردەیە (عبدالقادر، 2011: 58).

**1-4-2- میتۆدی شیکاری: (Analytical Method)**

ئەم میتۆدە زیاتر وەسفی توێژینەوەی زانستی بەسەردا پراکتیزە دەبێت، ئەم جۆرە ڕووپێوە تەنیا بە وەسفکردنی دیاردەکە ناوەستێت، بەڵکو پەنا بۆ شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان دەبات، بایەخ بە ڕەوشی ئێستا دەدات (ئەبڕاش، 2013: 246).

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکی تیۆریی شیکارییە، توێژینەوەی تیۆری شیکاری، ڕۆڵی لە وەسفکردن و شیکردنەوەی بارودۆخ و ئاراستە و هۆکارەکانی دیاردەیەک دەبینێتەوە.

## دووەم/ دیاریکردن و ناساندنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

## یەکەم/ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی: (The Socialization)

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی تاک لە بوونەوەرێکی ئەندامی (بایۆلۆژی) بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە، لەژێر پەیوەندی کولتووری خۆجێی و دامەزراوە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگادا (فارس، 2006: 8).

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کردارێکی کۆنە بە ئەندازەی کۆنی کۆمەڵگاکان، خێزان و هۆز و نەتەوەکان هەر لە سەرەتای دروستبوونیانەوە منداڵەکانیان پەروەردە کردووە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە بەردەوام بوون و خوو و نەریتە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بکات. هەندێک لە لایەنەکانی پێگەیاندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی لەم شێوازانەدا ڕووندەبێتەوە کە ئەسپارتەییەکان لە یۆنانی کۆندا منداڵەکانیان پەروەردە دەکرد تاوەک و ببن بە جەنگاوەر (خليل، 1994: 39)

لەهەمان کاتدا، کردارێکی بەردەوامە، ناکرێت کورت بکرێتەوە تەنیا لە قۆناغی منداڵیدا، بەڵکو لە قۆناغی هەرزەکاری و پێگەیشتن و تەنانەت لە قۆناغی پیریشدا دەبینرێت، تاک بەردەوام کارلێک بە کۆمەڵە نوێکانەوە دەکات؛ بۆیە ناچارە ئەم ڕۆلە تازەتەی کە پێی دەسپێردرێت، ڕەفتاری نوێتر بەدەست بهێنێت (صوالحه و هوامزه، 1994: 24).

چەمکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Socialization) وەک چەمکێکی زانستی لە بەکارهێنانی کۆمەڵناسیدا، چەمکێکی تارادەیەک نوێیە، بەشێوەیەک بەکارهێنانی لە توێژینەوەی زانستیدا مێژووەکەی بۆ کۆتایی سالانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک کە ڕۆبرت پارک کۆمەڵناسی ئەمریکی (1864- 1944) لە ساڵی 1939 توێژینەوەیەکی لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگادا بڵاو کردەوە (السيد و الرحمان، 1999: 103).

## ڕوانگەی بیرمەند و زانایان لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:

**گی ڕیشە (1924- Age 97 years)** پێیوایە: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو ڕێگایەی کە تاک بە درێژایی ژیانی فێرە توخمە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی دەبێت لەژێر کاریگەری ئەزموون و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندا تێکەڵاویان دەکات؛ ئەمەش دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەسایەتییەکەی، چونکە مرۆڤەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکەی، کە وای لێدەکات لەگەڵ ژینگەکەیدا بگونجێت و ژیانی بەردەوام بێت (Rocher, 1972: 40).

**ئەمیل دۆرکایم: (1857- 1917)** پێیوایە: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو کردارەی کە منداڵ لە لایەنی بایۆلۆژییەوە بۆ لایەنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەگۆڕێت، ئەمەش ڕەفتاری تاک لە کۆمەڵگادا ئاراستە دەکات، تاک بەبێ بەدەستهێنانی نۆرم و هێما کولتوورییەکان، ناتوانێت وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەڵسوکەوت بکات، بەهۆی ئەمەشەوە کۆ ویژدان دروست دەبێت، چونکە ئەم ڕەفتارانەی کە گەورەکان ئەنجامی دەدەن تێکەڵاوی ژیانی بچووکەکانیش دەبێت؛ واتە پێگەیاندن ئەو ئامێرەیە کە کۆمەڵگا مەرجە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی بۆ بەرهەم دێنێ (Durkheim, 3003: 237)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تاڵکۆت پارســۆنز (1979 -1902)** پێیوایە: پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کرداری فێربوون کە پشت بە فێرکردن و لاسایکردنەوەی شێوازەکانی ژیری و سۆز و ڕەوشت لەلای منداڵدا دەبەستێت، ئامانجەکەی بریتییە لەوەی کە توخمە کولتوورییەکان تێکەڵاوی ســیســتمی کەســایەتی تاک بکات، پێگەیاندن کردارێکی بەردەوامەوە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤ (Parsons, 2005: 141).

**پێناســەی ڕێکاری تویژەر بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کردارێکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتییە، کە بەهۆیەوە ڕۆشنبیری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە لەژێر چەتری کولتووری کۆمەڵگادا، ئەمەش تایبەت نییە بە قۆناغێکی دیاریکراو، بەڵکو کردارێکە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤ بەردەوامی دەبێت.

## دووەم/ کەسایەتی: (The Personality)

کەســایەتی بەرهەمی بۆماوە و ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیە کە کەســێک لە کەســێکی دیکە جیاوازە لە توانای ژیری و ویژدان و هەڵچوون و پێکهاتەی لەش و کردارە فســیۆلۆجییەکان و شــێوازی گونجان لەگەڵ ئەم ژینگەیەی کە ئەم تاکە تێیدا دەژیت.

کەسایەتی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی دەروونییە، کە پاشــخانی و بۆماوەیی تاک و مێژووی فێرکردن و ئەم شێوازانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر تێکردن و هاندان و هەڵسوکەوتە مەعریفییەکان دەکات لە بارودۆخە جۆراو جۆرەکاندا (Rychman, 2006: 4). کەســایەتی دەکرێت بە شــێوازی تایبەتمەندی تاک پێناســـە بکرێت لە فیکر و هەســـت و ڕەفتاردا، لەگەڵ میکانیزمە دەروونییەکان، شـــاراوە، یان ئاشـــکرا (Funder, 2007: 47). بۆیە بە ئاڵۆزترین چەمکی دەروونزانی کۆمەڵایەتی دادەندرێت، کە ســـەرجەم تایبەتمەندییە جەســـتەیی و ژیری و هەڵچوون ولایەنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، کە کەسێکی دیاریکراو کارلێک لەگەڵ ژینگەیەکی دیاریکراو دەکات (إبراهیم، 2014: 15).

کەسایەتی وشـیەکە لە (Person) لاتینی وەرگیراوە، کە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا باو بوو، ئاماژە بە ئەو دەمامکانە دەکات کە کاتی خۆی ئەکتەرانی کۆنی یۆنان لەســـەر شـــانۆ بەکاریان دەهێنا، بۆ ڕوخسـاری دەرەوەیان، ئەو ڕووخسـارە گشـتییەی کە بۆ خەڵکی دەورووبەر پیشـان دەدرا. لەگەڵ ئەم ڕۆلەی کەســـەکە دەینواند، یـان پێویســـتـە بینوێنێت لەنـاو تـاکەکـانی دیکەی کۆمەڵگادا؛ کەواتە بە پشـــتبەســـتن بە وەرگێراوەکەی، دەتوانین بڵێین کەســـایەتی ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییە دەرەکی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینراوەکان، ئەو لایەنانەی کە کەسانی دیکە دەتوانن ببینن. پاشان کەسایەتیمان لەڕووی ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ئەوانی دیکەدا جێدەهێلین، واتە کەسایەتی لایەنی بینراوی کارەکتەری مرۆڤە، کە چۆن کەسانی دیکە سەرسام دەکات (Schltz and Schultz, 2005: 9).

## ڕوانگەی بیرمەند و زانایان لەسەر کەسایەتی:

**گۆردن ئەلبۆرت (1897-1967)** سەرەڕای ئەوەی جەخت لە پێکهاتەی ناوەوەی کەسایەتی دەکات، بەڵام بایەخ و کاریگەری لایەنی دەرەکی لەسەر کەسایەتی فەرامۆش نەکردووە، پێیوایە: کەسایەتی بریتییە لە ڕێکخستنێکی جولەیی (Dynamic) ناوەوەی تاک، کە لە ئامێری دەروون و لەش پێکدێت، ڕەفتار و بیری تاک لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیاریدەکات (Allport, 1961: 194).

**ئەریک فرۆم (1900-1980)** پێیوایە: کەسایەتی تاک بەرهەمی کارلێکی نێوان هۆکارە بۆماوەییەکان و ئەزموونی تاکە کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێت، بەمەش هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگا دەتوانێت توانا بۆماوەییەکان بۆ توانا کۆمەڵایەتییەکان بگۆڕێت، کە بریتییە لە ناوکی کەسایەتی کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵە ئەندامەکانی کولتوور بەشداری تێدا دەکات (فروم، 2007: 84).

**ئەمیل دۆرکایم: (1857- 1917)** پێیوایە: کەسایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگا و عەقڵی تاکەکانی کار لەسەر چەسپاندنی سیما بنەڕەتییەکانی کەسایەتی دەکەن، بەجۆرێک تاک هەر لە منداڵییەوە تاوەکو پێگەیشتنی هەڵگری کۆمەڵێک سیفات و تایبەتمەندی کۆمەڵگاکەی دەبێت؛ لە ئەنجامی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەسایەتی تاک بەدەردەکەوێت (عبدالله، 2003: 21).

**عەلی وەردی (1913- 1995)** پێیوایە: کەسایەتی مرۆڤ هەمیشە لە هەڵپەدایە، هەرگیز تێر نابێت و خواستەکانی کۆتایی نایەت، ئەمەش غەریزەیە و لە کاتی لەدایک بوونەوە لەگەڵ مرۆڤ دایە. لە سەرەتادا مرۆڤ هەوڵی تێرکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دەدات، وەک خۆراک، جل و بەرگ، شوێنی نیشتەجێبوون، دەرمان، بەڵام کە بەدەستیهێنا خواستەکانی تێر نابێت و بەدوای شتی دیکەدا ڕادەکات، ئەمە سروشتی مرۆڤە کە هەرگیز تێر نابێت (وەردی، 2011: 120 ).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم/ پەیوەندی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد:

### 1- پەیوەندی خێزان: (The Family Relationship)

خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، بایۆلۆجی و کولتوورییە، بە پەیوەندی هاوسەرگیری پەیوەستن، گیانی هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە، وەک چوارچێوەیەکیش کۆمەڵێک ڕۆڵ پێگەی تیادا دەبینردرێت، کە ئەندامەکانیان بەهۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەیەک دەبەستێتەوە، ڕۆڵێکی گەورەشی هەیە لەسەر هەڵسوکەوت و ڕەفتار، یەکەم فێرکاری کۆمەڵایەتییە بۆ منداڵ کە تیایدا بە کرداری کارلێک و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی فێری یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان دەبێت.

لە خێزاندا منداڵ گەشە دەکات، دەستدەکات بە پەیوەندیی بەجیهانی دەوروبەری، بۆیە زۆرجار ئەندامەکانیان هەوڵی گواستنەوەی ئەم کولتوورە دەدەن کە لە خێزانەوە وەریانگرتووە بۆ نەوەکانی خۆیان، کە تیایدا دایک ڕۆڵی یەکەم دەبینێت لەسەر ئاستی نەریتەکان، ئینجا ڕۆڵی باوک دێت بۆ کارکردنە سەر منداڵ لە ئاستەکانی تردا، وەک گەشەپێدانی سیاسی ( إبراش، 1998: 212).

خێزان بە یەکەم دەزگای کۆمەڵایەتی دادەندرێت، کە بەرپرسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دادەندرێت. خێزان یەکێتییەکی لەخۆوەیە، کە بەهۆی توانا شاردراوەکان و ئامادەکردنەکانی سروشتی مرۆڤ دروست دەبێت، پێویستییەکە بۆ مانەوەی مرۆڤ هەروەها بەردەوامبوونی بوونی کۆمەڵایەتی، خێزان ڕۆلەکی سەرەکی لە صاکردنی ڕەوشتی تاکەکاندا هەیە، چونکە لە هەموو خێزانێکدا ڕەفتار و کارلێککردن هەیە، ئەمەش کاریگەری باش، یاخود خراپی لەسەر مرۆڤ دەبێت (بهتون، 2008: 51).

**دروستبوونی کەسایەتی لە خێزاندا دەکەوێتە ژێر پەیوەندی کۆمەڵە هۆکارێک، لەوانە:**

**1- قەبارەی خێزان:** قەبارەی خێزان بە هۆکارێکی گرنگی کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دادەندرێت، بەتایبەت لە شێوازی کارتێکردندا، پەیوەندییەکانی ناو خێزان لە هەردوو لایەنی گەشەسەندن و ئاڵۆزبوونی دەکەوێتە ژێر پەیوەندی ژمارەی ئەندامەکانی، چاودێری خێزانی بچوک لە خێزانی گەورە باشتر، هەر چەندە ژمارەی منداڵەکان زۆربێت، ئەوەندە کاریگەری لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکان دەبێت (صباح، 2006: 70).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2- سروشتی پەیوەندییەکانی خێزان:** پەیوەندی باشی هاوسەران، بارودۆخێکی باش دەگونجێنێت کە بەشێوەیەکی تەواو یارمەتی گەشەی منداڵ دەدات، بە پێچەوانەی ئەم خێزانەی کە توشی هەڵوەشانەوە بێت، یان هەمیشە لە کێشە و ناکۆکی بێت، پەیوەندییەکی نەرێنی لەسەر پێگەیاندنی منداڵ و ئەندامەکانی دیکەی دروست دەکات ( بیومي خليل.2000: 17).

**3- بارودۆخی چینایەتی خێزانەکان:** چینایەتی پەیوەندییەکی سەرەکی لە پێگەیاندنی تاکدا هەیە، بەوەی کە بەشدارییەکی گەورە لە پێکهانی کەسایەتی تاک و هیواو ئاواتە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابوورییەکانیدا دەکات، شێوازی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خێزانی چینە بەرزەکان لە هی خێزانە چینە نزمەکان لە پەیوەندی و کارلێکردنەکان جیاوزە (Hamaond and Cheney, 2010: 4).

**4- ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان:** ئاستی ئابووری، کۆمەڵایەتی خێزان کاریگەری لەسەر لەسەر شێوازی کەسایەتی دیاری دەکات، پەیوەندییەکی باش لەنێوان باری ئابووری و کۆمەڵایەتی منداڵ و لە نێوان ئەم دەرفەتەدا هەیە کە بۆ پێگەیاندن پێویستە، باری ئابووری بە هۆکاری سەرەکی پێگەیاندنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی منداڵدا دادەندرێت، چونکە دەتواندرێت پێداویستییەکانی پێگەیاندن فەراهەم بکات ( مصباح عامر، 2003: 90).

**5- ئاستی رۆشنبیری خێزان:** پەیوەندییەکەی لەوەوە دەردەکەوێت کە خێزانەکە (دایک و باوک) هەست بە پێداویستییەکانی منداڵەکە دەکات، دەتوانێت لێی تێبگات، لەهەمان کاتدا چەندی ئاستی رۆشنبیری خێزان بەرزبێت، ئەوەندە دەتواندرێت بەشێوازێکی شیاو هەڵسوکەوت لەگەڵ منداڵدا بکرێت ( الزليتني، 2007: 114).

**6- جۆری کۆمەڵایەتی لە خێزاندا:** رۆڵی کوڕ لە رۆلی کچ جیاوازە، لەناو منداڵی کوڕدا دەرفەتی بەرپرسیاریەتی و سەرکردایەتی و پشت بەخۆبەستن دەرەخسێندرێت، بەڵام لای کچ ئەم رۆڵانە کەمترە بواریان پێدەدرێت، پلەبەندی لەدایک بوون کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکان (فياظ، 2015: 11- 12).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ڕوانگەی فەیلەسوف و زانایان لەسەر خێزان:

**1- ئەفلاتوون: (427- 347 پ.ز) (Plato)** سەبارەت بە خێزان زۆر ڕادیکاڵ بووە و خۆشی هاوسەرگیری نەکردووە، لە کتێبەکەیدا بەناوی (کۆمار) پێیوایە: بۆ وەچەخستنەوەیەکی باش دەبێت دەستەیەك لە ژن و پیاو هەڵبژێرین تاوەکو کۆمەڵێك منداڵ بخەنەوە، منداڵەکانیان بکەینە بەرپرس و فەرمانڕەوا لەوڵاتدا، هاوسەرێتی ئەوانە دەبێت بە تیروپشك بێت و لە ڕۆژەکانی پشوودا ئەنجام بدرێت؛ منداڵەکانیشیان دەبێت لە دایك و باوکیان جیابکرێنەوە و دەوڵەت شار بەخێویان بکات، نابێت دایك و باوك منداڵەکانیان بناسنەوە و منداڵەکانیش دایك و باوکیان بناسنەوە. سەبارەت بەو منداڵانەی کەمئەندامن؛ دەبێت وەك منداڵە کەمئەندامەکانی ئەسپارتە لەناوبرێن، ئەو کەمئەندامانەشی کە ماون نابێت هاوسەرگیری بکەن و وەچە بخەنەوە ( Sharma, 2009: 32).

**2- ئەرستۆتالیس: (385- 323 پ.ز) (Aristotelis)** پێیوایە: خێزان یەکەم کۆبوونەوەی سروشتییە، کۆمەڵە ئەرکێکی هەیە کە بەهۆیەوە پێداویستییەکانی ئەندامەکانی تێر دەکات، ئەمەش وادەکات تاکەکان لە ژیاندا بەردەوام بن، لەهەمانکاتدا، ڕێکخستنێکی سروشتییە، بۆیە خێزان بە پێکهاتەیەکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵگا دادەندرێت؛ ئەرستۆ وەك هەمیشە لە زۆر تیژ و تێڕوانینی ئەفلاتوون ڕەخنەی گرتووە؛ پێیوایە: دەبێت یاساناسان بابەتی هاوسەرگیری و پەیوەندی ئەندامانی خێزان ڕێکبخەن، نەوەك فەیلەسوفان؛ بەلای ئەرستۆوە خێزان لە ژن و پیاو و منداڵ و کۆیلەکان پێکهاتووە، ئەو پێداگری لە پیاوسالاری دەکات، پێیوابووە: دەبێت پیاو سەرۆکی خێزان بێت و منداڵەکانیش بە فەرمانی ئەو هەڵسوکەوت بکەن، چونکە ئافرەتان ژیریان لە پیاوان کەمترە (Turton, 2008: 96).

**3- جۆن لۆک: (1632- 1704) (John Locke)** پێیوایە: خێزان بریتییە لە کۆمەڵە کەسێک کە پەیوەندی هاوسەرگیری و خوێن بەیەکیان دەبەستێتەوە، گوزەرانێکی سەربەخۆی بەسەر دەبەن، لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان لەگەڵ یەکدا بەشداری دەکەن؛ لەهەمان کاتدا ئافرەت بۆ ئەو دروستکراوە کە پاشکۆی پیاو بێت، ئافرەت بەبێ پیاو ناتوانێت منداڵی بێت، بێ هاوکاریی پیاو منداڵیشی پێ پەروەردە ناکرێت، بۆیە ئەوەی ئافرەت لەژێر کۆنترۆڵی پیاودایە سروشتییە و شتێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووکەش نییە، ڕەگێکی قووڵی هەیە، بۆیە ئافرەت دەبێت بەوە ڕازی بکرێت کە ملکەچی دەسەڵاتی پیاو بێت. (سلامة، 2013: 40).

**4- ئۆگست کۆنت (Auguste Comte) (1798 -1857)** پێیوایە: خێزان یەکەم دەزگای کۆمەڵایەتییە تاك فێری ڕەفتار دەکات، دروستکردنی خێزان پێویستییەکی غەریزییە، ئەگەر خێزان باش بێت کۆمەڵگاش باش دەبێت، بە پێچەوانەشەوە؛ کۆنت دژی هاوڕەگەزبازییە، بە خێزانی دانانێت، دژی جیابونەوەیە؛ پێیوایە: هەرکۆمەڵگەیەك جیابوونەوەی هاوسەرەکانی زۆر بێت لەداهاتوو کێشەی زۆر دەبێت و نیشانەی ئەوەیە کە بەهای خێزان و هاوسەرێتی لە دارمانە؛ لە بەڕێوەبردنی ماڵدا دەبێت یەك سەرۆك هەبێت، باشترە پیاوان سەرۆکی خێزان بن؛ بەڵام لەڕووی سۆز و خۆشەویستییەوە دەبێت هەردووکیان یەکسان بن و کەسیان ملکەچی ئەوی دیکە نەبێت، چونکە ژنان هەستیان لە پیاوان ناسکترە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت (Richard and Lippa, 2005: 34).

## پەیوەندی دایک و باوک لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا:
## (Parental relationships in Socialization)

دایک و باوک پەیوەندییەکی گرنگیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە بریتییە لە بایەخدان و جۆرەکانی هەڵسوکەوت و چاودێریکردنی پەروەردەکردن. ڕەفتارەکانی دایک و باوک بە بزوێنەری ئاراستەکردنی ڕەفتاری منداڵ دادەندرێت، دایک یەکەم نموونەو ڕابەرە، منداڵ ڕەفتاری دایک وەردەگرێ. بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتایدا، دایک وەک قوتابخانەی یەکەمە بۆ منداڵ، ئەگەر باش بێت، تاکێکی باش ئامادەکات، ئەگەر خراپیش بێت تاکێکی خراپ پێدەگەیەنێت، لەهەمان کاتدا بایەخی باوک لە بایەخی دایک کەمتر نییە، بایەخی دایک لە مانگ و ساڵەکانی یەکەمدا دەردەکەوێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆڵی باوک ڕۆڵێکی لاوەکی بێت و لە سەرەتادا ئاشکرانە بێت، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە دابینکردنی پێداویستییەکاندا هەیە، ئەمەش یارمەتی گەشەکردنی جەستەی منداڵ دەدات (بريفين, 2010: 397).

دایک و باوک ئەم دوو مرۆڤە پێگەیشتووەن کە جۆری ئەم ژینگەیە دیاری دەکەن کە منداڵەکانیان تیایدا پێدەگەیەنن، بۆیە منداڵ لە سەرەتای ساڵانی دروستبوونیدا زۆر بەتوندی پشت بە دایک و باوکی دەبەستێت (مەحموود، 2014: 36).

دایک و باوک لە خێزاندا هەوڵ دەدەن کەسایەتی منداڵ توشی نائومێدی و داروخان نەبێت، بۆیە دەکەونە ژێر دابینکردنی ئەم پێداویستیانەی خوارەوە:

1- پێداویستییەکانی گەشەی لەش وەک ( خۆراک، خواردنەوە، خەوتن، جولە، پشوو..)

2- پێداویستییەکانی گەشەی ژیری: (کارامەیی ژیری، کارامەیی زمان، دۆزینەوە، گەڕان بەدوای شت).

3- پێداویستییەکانی گەشەی کارلێکی کۆمەڵایەتی وەک (خۆشەویستی، ڕێزگرتن ئازادی، پێگەیشتن، سۆز) ((التلوانی، 2018: 2)).

## 2- پەیوەندی قوتابخانە: (The School communication)

قوتابخانە بە دووەم دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دادەندرێت دوای خێزان، کە ئەرکی سەرەکیی پەروەردە و فێرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی فەرمی، ڕۆڵی گرنگیشی هەیە لە پەروەردەکردن پێگەیاندنی کەسایەتی تاک، کە پەروەردەکردنی تاکێکی کارا، کۆمەڵگایەکی چالاک تیایدا بەرهەم دێت (متولي، 1993: 37).

قوتابخانە پەیوەندی سەرەکی لە پێگەیاندی کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەتایبەت لە بواری فێرکردندا، جیاوازی نێوان ماڵ و قوتابخانە ئەوەیە کە تاکەکە لە ڕێگای تەمەن و توخمەوە پێگەی خۆی وەردەگرێت، بەڵام لە قوتابخانەدا لە ڕێگەی کێبڕکێ و تاقیکردنەوە، کە وای لێدەکات پێگەیەک وەربگرێت لەگەڵ تواناکانی بگونجێت (سید البهی و عبدالرحمان، 1999: 135) قوتابخانە بە بریکاری کۆمەڵایەتی دووەم دەژمێردرێت لەدوای خێزان، کە ئەم ئەرکەی پێدەسپێردرێت، بە شێوازێکی مەبەستدار و ڕێکخراو ئەم کارە ڕایی دەکات. قوتابخانە هەڵدەستێ بەکرداری فێرکردن و پەروەردەکردن، کە گرنگی بە یارمەتیدانی تاک دەدات بۆ ئەوەی بەشێوازێکی تەواو لەڕووی فیزیکی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە گەشەبکات و بتوانێت لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی بگونجێنێ (الريماوی، 2008، ص: 264).

قوتابخانە بە بنەمایەکی گرنگی سیستەمی پەروەرد دادەندرێت، ئینجا فێرکردن، پەروەردەش واتە پێگەیاندن و داڕشتنی کەسایەتی منداڵ، هەر دەستکاریکردنێکی ئەم پرۆسەیەش بوارێکی کاری یەکجار فراون دەکاتەوە، چونکە ئەمە بەرەنگاربوونەوەی سەرلەبەری سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، بۆیە پێویستی بە ئیرادە و بڕیاری سیاسی دەبێت؛ لەهەمان کاتیشدا ئەم بڕیارە سیاسییە

خاوەن پرۆژەیەکی نویێ و تۆکمەی وا بێت بتوانێت کەسایەتییەک بۆ نەوەی تازە بنیاد بنێت، کە بتوانێت مامەلەیەکی شیاو لەگەڵ دیاردە و ڕوودا و گۆڕانکارییەکانی جیهانی سەردەمدا بکات (میران، 2010: 68). لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا قوتابخانە تاک ئامادە دەکات بۆ ژیان و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکە لە کۆمەڵگادا لەهەمان کاتدا، توانایی ڕووبەڕووبونەوەی کێشەکانی داهاتووی زیاد ددەکات، ئەمیش لە میانەی کرداری پەروەردە و فێرکردنەوە، هەروەها کولتووری کۆمەڵگا لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازێتەوە (عامر، المصری، 2013: 148).

مامۆستا ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵدا دەبینێت، ئەمەش لە ڕێگای کرداری وانەوتنەوەی بابەتە زانستییە جۆراو جۆرەکان، هەروەها کارو چالاکی قوتابیانیش هەڵدەسەنگێنێت، ئەمەش یارمەتی گەشەی کەسایەتی و ئاراستەکردنی ڕەفتاریان دەدات، هەروەها ڕێنمایی قوتابییەکان دەکات پابەندی سیستەم بن و گوێڕایەلی ڕێنماییەکانی قوتابخانە بکەن (مطوري، 2016: 67).

**3- پەیوەندی دەزگا ئایینیەکان: (The Religious Institution)**

ئایین پێویستیەکی کۆمەڵایەتییە، بیرو باوەڕێکە پەیوەندیی بەم کولتوورەوە هەیە کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە و بەشێکە لە کولتوور، هێزێکی ڕوحییە بۆ ئەم کەسانەی کە سروتە ئایینیەکان پەیڕەو دەکەن.

ئایین شێوەیەکی تایبەتە لە شێوەکانی هوشیاریی کۆمەڵایەتی، ڕەنگدانەوەیەکی نا زانستییانە بۆ ڕەوش لەخۆ دەگرێت (سبیریکین، 1979، ص: 34 ). لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، باوەڕهێنانە بە بیرو باوەڕێک کە توخمە نادیار و کاریگەرەکان لەخۆ دەگرێت، تیایدا مرۆڤ پابەست دەبێت بە پەیوەندیی بەخواوەندو گوێڕایەڵی و پەرستن، لەبەرئەوەی کۆمەڵێکی دامەزراوەییە، بۆیە لەگەڵ تۆڕەکانی هێز و بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووریی و سیاسییەکان بەگوێرەی پلەی پەرەسەندنیان کارلێک دەکات؛ لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمێ ئاکاری پێشکەش دەکات، لەپاڵ سیستەمی کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی (Moussa, 1993, 15).

لە چاخی فەلسەفەی یۆنان (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ) بەهۆی ئایینەوە، ئەرکی سیاسی و ئاکاریان بە خواوەندەکان و ئەفسانەکان بەخشیووە، هانی خەڵکیان داوە بۆ ملکەچبوون بۆ دەوڵەت. لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاخەکانی ناوەڕاستیشدا، پیاوانی کەنیسە دەسەڵاتیان بەپیرۆز و ڕەها دەزانی، بەهۆی ئەمەوە هەژاری و نەخوێندەواری و ستەم باڵادەست بوو (اکوافیکا، 2013: 57).

پەیوەندی مرۆڤ بە ئایینەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، پەیوەندیی تاکی نییە، باشتر وایە بڵێین ئاینداری و پڕاکتیزەکردنی کردارێکی تاکەکەسی نییە، لەبەر ئەوەی وەک تاکێک لە بڕوایەکی کەسی خۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو لە مرۆڤی ئێمەدا شوێن کەوتەیەکی کۆمەڵیانە هەیە بۆ باوەڕێک کە لە بڕواو متمانەی گشتییەوە دەپەڕێتەوە هزر و ویژدانی مرۆڤەکان. بەمانایەکی دیکە ئاینداری لای ئێمە کۆمەڵکاری و گشتی و پێکەوەیە، واتا خودی باوەڕی ئایینی سیفەتی کۆمەڵایەتی کوردی هەڵگرتووە، بەتایبەت لە ڕێورەسم و بۆنەکاندا دیارە. هەر لەبەر ئەوەشە مرۆڤ تەواو جیاکراوەتەوە لە تاک، چونکە تاک چەمکێکە کە خۆی لە ڕوانگەی باوەڕبوون و ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ سروتی ئایینی دەگاتە پەیڕەوکردنی (جەمال، 2016: 61).

لەهەمان کاتدا، سیستەمی کۆمەڵایەتی هەموو هەڵێکی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانی تاکی ئیماندار، بۆ ئەمەش دەزگای ئایینی زەبەڵاحی بەهەموو تواناکی خستۆتە گەڕ، کە شێلگێرانە کار لەسەر لایەنی روحی و مەعنەوی تاکەکان دەکات و تا ئەوپەڕی سەرکەوتوو بووە، بەها ئاینییەکان لەهەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بە زەقی بەرجەستە بوون؛ بۆ نموونە لە قسەکردندا (خودا گەورەیە، خودا دەزانێ، ئینشاڵڵا، خودا عەفوت بکات...). ئەمە جگە لە ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئایینی لە بوارەکانی کولتووری مادیدا وەکو: مزگەوت، جلوبەرگ، ڕێش بەردانەوە، شێوازی ژیانی ڕۆژانی ڕەمەزان، جەژن و بۆنەی ئایینی (میران، 2021: 95).

## ڕوانگەی بیرمەند و زانایان لەسەر ئایین:

**کارل مارکس (1818-1883)** پێیوایە: ئایین ئاهی بوونەوەرێکی ستەم لێکراوە، دڵی جیهانێکی بێ دڵەو گیانی هەلومەرجێکی بێ گیانە، ڕەخنەگرتن لە ئایین بناغەی هەموو ڕەخنەکانە، ئایین تلیاکی گەلە (مارکس، 1974: 53).

**ئۆگست کۆنت (1798- 1857)** پێیوایە: ئایین بنەمای ئاکار و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە، کە تاکەکانی کۆمەڵگا یەکدەخات، ژیانیان ڕێکدەخات و پەیوەندییەکانیان بەهێز دەکات (عبدالباقی، 1989: 114).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ئەمیل دۆرکهایم (1858-1917)** پێیوایە: ئایین ڕەگەزی تێکهەڵکێش و ئاوێتەکردنی کۆمەڵایەتییە، هەوڵی یەکگرتنی کۆمەڵە مرۆییەکانە، بەتایبەت لە کۆمەڵگا نەریتییەکان، بەپەیڕەوکردنی ئەم بیروباوەڕانەی کە پەیوەندیان هەیە بە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگا (Durkheim, 1995: 21).

**نیکۆلۆ ماکیاڤیلی (1469-1527)** پێیوایە: ئایین بەسوودە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت بۆ ڕێکخستنی خەڵک و یەکە سەربازییەکان. ئایین بەسوودە بۆ یاسادانەران و سەرکردە سەربازییەکان، بەڵام وەک پۆشاک وایە بۆ پیاوە خراپەکان، کە بەهۆی ئایینەوە زۆر بەئاسانی دەتوانن فرت و فێل بکەن (میكافيلي، 2004: 65).

## 4- پەیوەندی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن: (The tools of Media)

هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی، وەك: (بینراو، بیستراو، نوسراو) دەگرێتەوە، کە لەم سەردەمەدا، بەئاسانترین شێواز و بەکەمترین کات پەیامەکەی دەگات بە تاکەکان. سەرچاوەی هەواڵەکانیش زۆر و جۆراو جۆرن. هۆیەکانی ڕاگەیاندن وەک تەلەفزیۆن، سەتەلایت، ڕۆژنامە، گۆڤار، تەواوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵە زانیاری و زانست و هەوال بە مرۆڤ دەدات، بەهۆی بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەمەجۆرەکان لە گشت بوارەکاندا، پێداویستییە دەروونییەکان مرۆڤ تێر دەکات، لەهەمان کاتدا، ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاری تاکەکان لە زۆربەی بوارەکاندا بەرز دەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، پێشکەوتنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خێزانەکانیان لە بڕیاردان لەسەر ئەندامانی خێزانەکان کەمکردۆتەوە، ئامرازەکانی گەیاندن بەشێوەیەکی فراوان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی فراوان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا دروست بکات، بەمەش تاکەکان خۆیان سەرپشک دەبن لە دروستکردنی پەیوەندی تازە و هاوڕێی نوێی، بەمەش ڕۆلی خێزانی لەسەر بڕیاردان لەسەر ئەندامەکانی لاواز کردووە (Goodwin, 2009: 137).

لەهەمان کاتدا شۆڕشی تەکنەلۆجیا و زانیاری پێشکەوتنەکانی ڕۆڵێکی چالاکی لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، ڕادیۆ ڕۆژنامەو گۆڤار تەلەفزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هوشیاری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگە ئەرێنییەکەی بایەخ پێدەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر

هوشیاربوونەوەی تاک و شارەزایی چارەنوسی کۆمەڵگاکەی دەبێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە جیهان بۆتە گوندێکی بچووک (بارام، 2017: 73).

لە کۆمەڵگای کوردیدا و لەم سەردەمەدا تۆڕەکانی پەیوەندیکردن کاریگەری زۆریان لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، توێژینەوەکان بەم ئەنجامە گەیشتن کە منداڵەکان لاسایی ئەم شتانە دەکەنەوە کە دەیبینن، بەمەس بەهاکانی دەشێوێت، لە کۆتایدا بەرەو لادانی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی توندی دەبیات هۆیەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی سەرەکیان لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و گەشەی تاک و کۆمەڵەکان هەیە، زۆرینەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، پابەندی کارکردنی تەواویان نییە لەچوارچێوەی پەیڕەوکردنی یاسایەکی دیاریکراودا، یاخود ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، چونکە هەریەکەیان کار بۆ ئایدلۆژیایی حیزبێکی دیاریکراو، یاخود گرووپێکی دیاریکراودا، یان بەرژەوەندی تاکێک دەکەن، ئەمە وایکردووە زۆرجار بە ئاسانترین شێوە زانیارییەکان بگات بەتاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا، لەوێشەوە دەرهاویشتەی نەرێنی دروست دەکات لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا و سڕکردنی ڕای گشتی، بەهۆی چەواشەکردنەوە.

## بەشی سێیەم/ تاوتوێکردنی دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

## یەکەم/ دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

### 1-1- بەپێی ئامانجی یەکەم، بەم دەرئەنجامەی خوارەوە دەگەین:

خێزان پەیوەندی سەرەکی بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی و دروستبوونی کەسایەتی تاک هەیە، بەتایبەت دایک و باوک، چونکە منداڵ یەکەم بەرکەوتن و کارلێکی لەگەڵ دایکە، دواتر باوک و ئەندامانی دیکەی خێزان، ئەوان لەژێر کاریگەری کولتووری کۆمەڵگادا، گەشە بە دروستکردنی کەسایەتی تاک دەدەن، بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمە کە کۆمەڵێک نۆرم و بەها و عادات فێردەکرێت کە لە باوانەوە نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری دایک و باوک.

### 2-1- بەپێی ئامانجی دووەم، بەم دەرئەنجامەی خوارەوە دەگەین::

کە قوتابخانە وەک دەزگایەکی فەرمی ڕۆڵی لە گەشەپێدان و پێکهێنانی کەسایەتی منداڵدا هەیە، پەیوەندی منداڵ بە هاوپۆلەکانی، هەڵسوکەوتی مامۆستاکان لە چوارچێوەی ڕێگاکانی وانەوتنەوە و شێوازی فێرکردن لە چوارچێوەی تواناکانی قوتابی، پاداشت و سزا، سەرکەوتن و ژێرکەوتن ئەمانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموویان کاریگەری لەسەر پێگەیاندنی کەسایەتیان دروست دەکات. قوتابیان لە قوتابخانەدا لەگەڵ هەموو جۆرە تاقیکاری و ئەزموونێکدا ڕووبەڕوو دەبنەوە، ئەم تاقیکاری و ئەزموونانە دەبنە هۆی گەشەکردنی هوشیاری، داهێنەرو پەرەسەندنی لێهاتوویی و نیشاندانی کەسایەتی تاک، ڕاهێنان لەم ڕێگایەوە بوار دەڕەخسێنێت بۆ تاکەکان کە لەم ڕێگایەوە بتوانن چۆنیەتی ژیانیان بەرەو باشتر ببەن، قوتابخانە بە ئامادەکردنی قوتابی بۆ لەئەستۆگرتنی پێگەیەکی گونجاو لە بازاری پیشەدا، دەبێتە هۆی گەشەکردنی کەسایەتیان.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوازێکی بەرچاو ئەم پێداویستیانەی کە ئاسانکارییەکی باش دەکەن لە پێگەیاندن و پەروەردە و فێرکردن دروستکردنی کەسایەتییەکی دروست لە قوتابخانەکاندا فەراهەم نەبووە، ئەمیش بەهۆی ئەم جیاوازییەی لە فێرکردن و پلەبەندیی نێوان قوتابخانە تایبەتییەکان و قوتابخانە حکومییەکان هاتۆتە کایەوە، لەهەمان کاتیشدا، بەشێکی زۆری مامۆستا بەتواناکان پەنا بۆ وانەی تایبەت دەبەن، ئەمەش بەهۆی جیاوازی چینایەتی و پێگەی سیاسی و ئاستی ئابووری دایک و باوکی قوتابی دەگەڕێتەوە. ئەم جیاوازییە وادەکات قوتابی هەست بە نادادی لە پەروەردەو فێرکردن بکات، بەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کەسایەتی لە داهاتووی دروست دەکات لەسەر ئەم زەویە پڕ لە هەراو کێشەیە، مانەوە بۆ گەلانی زاناو بەتوانایە، نابێت سیستەمی پەروەردە و فێرکردن تاکی لەرزۆک و بێمتمانە و کۆڵکە خوێندەوار بەرهەم بهێنێت، کە لە دەرئەنجامدا تاکێکی بێئیرادە و خاوەن کەسایەتییەکی شێواوی لێدەردەچێت.

## 1-3- بەپێی ئامانجی سێیەم، بەم دەرئەنجامەی خوارەوە دەگەین:

کە سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی هەموو هەڵێکی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانی تاکی ئیماندار، بۆ ئەمەش دەزگای ئایینی زەبەڵاحی بەهەموو تواناکی خستۆتە گەڕ، کە شێلگیرانە لەسەر لایەنی روحی و مەعنەوی تاکەکان کار دەکات؛ بەها ئاینییەکان لەهەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بە زەقی بەرجەستە بوون؛ بۆ نموونە لە قسەکردندا (خودا گەورەیە، خودا دەزانێ، ئینشاڵڵا، خودا عەفوت بکات...). ئەمە جگە لە ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئایینی لە بوارەکانی کولتووری مادیدا وەکو: مزگەوت، جلوبەرگ، ڕێش بەردانەوە، شێوازی ژیانی ڕۆژانی ڕەمەزان، جەژن و بۆنەی ئایینی.

ئەم دەزگایانە ڕۆڵی چالاک لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا دەگێرن، هەیانە بە ئارەزووە، هەشیانە بە ترساندنە، یان بە ڕێمناییکردن.. پەرسگاکان تاک و کۆمەڵەکان فێری ڕاسپاردەی ئایینی و پێوەرەکانی ئاسمان دەکات کە جەخت دەکاتە سەر بەختیاری تاک و کۆمەڵگا. لەهەمان کاتدا، چوارچێوەیەکی ڕەفتار بۆ تاکەکە دیاری دەکات، کە ڕادەوەستێتە سەر ڕاسپاردە ئایینییەکان.

**4-1- بەپێی ئامانجی چوارەم، بەم دەرئەنجامەی خوارەوە دەگەین:**

کە لە کۆمەڵگای کوردیدا و لەم سەردەمەدا تۆڕەکانی پەیوەندیکردن کاریگەری زۆریان لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە، منداڵەکان لاسایی ئەم شتانە دەکەنەوە کە دەیبینن، بەمەش بەهاکانی دەشێوێت، لە کۆتایدا بەرەو لادانی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی توندی دەیبات. هۆیەکانی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی سەرەکیان لە کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و گەشەی تاک و کۆمەڵەکان هەیە، زۆرینەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان لە هەرێمی کوردستاندا، پابەندی کارکردنی تەواویان نییە لەچوارچێوەی پەیرەوکردنی یاسایەکی دیاریکراودا، یاخود ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، چونکە هەریەکەیان کار بۆ ئایدلۆژیایی حیزبێکی دیاریکراو، یاخود گرووپێکی دیاریکراودا، یان بەرژەوەندی تاکێک دەکەن. بەهۆی ئەمەشەوە لایەنی رق و کینە، بیرو باوەڕی خراپ و چەوت بڵاو دەکاتەوە.

## دووەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە:

**2-1-** هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆسنبیری دایک و باوک لە کرداری پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەشداری و چاودێری لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت لە گەشەپێدان و ڕۆشنبیرکردنی دایک و باوک و دابینکردنی پێداویستییەکانی پەروەردە و پێگەیاندن لە خێزاندا.

**2-2-** دەستنیشانی هەڵەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بکرێت، بە تایبەت لەلایەن دایک و باوکەوە هەندێک هەڵە ئەنجام دەدرێت وەک: پەروەردەی دوو لایەنەی منداڵ و جیاوازیی لە نێوان منداڵدا، یان پەروەردەکردن بە توندوتیژی ،پەیوەستی زۆر، ڕەخنەگرتن بە هەڵچوون و پشت بە منداڵ نەبەستن بۆخۆی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات ئەوانەی کە لە توانایدایە، یاخود نەبوونی پاداشت و سزا.

**3-2-** دروستکردنی پەیوەندی زیاتری نێوان خێزان و قوتابخانە لەسەر پەروەردە و فێرکردنی زیاتر، دابینکردنی کەشێکی گونجاوی ئەم پرۆسەیە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فێرکردنەوە،

بەرجەســتەکردنی متمانەی نێوان ئەم دوو دامەزراوەیە بە ئامانجی پێگەیاندنی نەوەیەکی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز.

**4-2-** بایەخ بە دامەزراوە ئایینییەکان لەژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیداری حکومی بدرێت تا سروتە ئاینییەکان بگەیەنن، ئایین وەک پێویســتییەکی کۆمەڵایەتی زیاتر کار لەســەر پەروەرد و پێگەیاندی تاکی کوردی بکات بە دەستبردن بۆ کاری باش و دوورکەوتنەوە لە خراپە.

**5-2-** بایەخ بدرێت بە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی حکومی (بینراو، بیســتراو، نوسـراو) بەتایبەت بەرنامەی هوشـیاریی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروســتی و زانســتی. پێویســتە ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵیان هەبێت لە بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا، لە گەیاندنی ڕاسـتی زانیارییەکان بەپیشـەیی کار بکەن، بابەت و بەرنامەکانیان لەژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیداری حکوموت بێت.

## سێیەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

**1-3-** بایەخدانی زیاتر بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی بدرێت لەســەر دەرخســتنی پەیوەندی خێزان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**2-3-** بـایەخ بـدرێت بە ئەنجـامدانی توێژینەوەی زیـاتر لەســەر هەڵەکـانی دایـک و بـاوک لە کرداری پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

**3-3-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی زیاتر لەســەر زانینی پەیوەندی قوتابخانە بە دروســتبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**4-3-** گرنگی بدرێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی زیاتر لەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن پەیوەند بە دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**5-3-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی زیاتر لەســەر دامەزراوە ئاینییەکان و کاریگەریان لەســەر دروستبوونی کەسایەتی تاکی کورد.

**6-3-** ئەنجامدانی توێژینەوەی زانسـتیزیاتر لەسـەر دەسـتنیشـانکردنی پێداویسـتییەکانی پەروەرد ە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پەیوەند بە دروسکردنی کەسایەتی تاکی کورد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:

### 1- سەرچاوە کوردییەکان:

### 1-1- کتێبەکان:

1- ئەبڕاش، ئیبراهیم. (2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، دیدار ئەبوزێد، چ1، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
2- ئالانی، عزیز عبدالله (2015) پەروەردەی منداڵەکانمان، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلیمانی.
3- باسیرە، سالار. (2014) پێگەی حیزب لەسیستەمی سیاسییدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلیمانی.
4- بارام، حەسەن (2017) جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.
5. جەمال، نەوزاد (2016) فەلسەفەی ئایین، چ١، چاپخانەی سەدەم، سلیمانی.
6- مەحموود، محەمەد (2014) دەروونزانی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕژهەڵات، هەولێر.
7- حوسێن، محەمەد تەها (2019) سیکۆلۆجیای خۆشەویستی، بەراوردکارییەک لە نێوان هەڵچوون و عەقلانیەتدا، چ١، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
8- حوسێن، محەمەد تەها (2018) سیکۆلۆجیای عەقڵی کوردی، پشکنینێکی شیکاریانە بۆ ئاستەکانی هزر، چ١، بڵاوکراوەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.
9- حەسەن، سەمیر ابراهیم (2011) کولتوور و کۆمەڵگە، وەرگێرانی، عبدالله محمود زەنگەنە، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.
10- محەمەد، کامەران (2020) کورد بنیادێکی خەملیو، چ١، سلیمانی.
11- الزغول، عماد عبدالرحیم (2019) بنەما سەرەکییەکانی سایکۆلۆژیای پەروەردەیی، وەرگێرانی، ئارام ئەمین شوانی، چ٢، ناوەندی ئاوێز بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
12- شوانی، محەمەد. (2015) سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، چ1، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
13- عمر، مەعن خەلیل. (2007) کۆمەڵناسی خێزان، وەرگێڕانی، ئارام ئەمین، چ1، چاپخانەی خانی، دهۆک.
14- عەبدوالجەواد، ئەحمەد ڕەفعەت (2020) بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی، توانا فەرەیدون، چ١، چاپخانەی مێخەک.
17- میران، ڕەشاد (2021) مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

18- کۆهین، برۆس (٢٠١٤) بنەماکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی چەکۆ ئەحمەدی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

19- گیدنز، ئەنتۆنی. (2013) دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ئارام ئەمین شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

20- هولوای، ڕیتچارد (2020) کورتەیەک لە مێژووی ئایین، وەرگێرانی، سەربەست جیهاد، چ١، چاپخانەی ئاوێزە.

21- وەردی، عەلی (2011) گاڵتەجاری عەقڵی مرۆڤ، وەرگێرانی حەسەن عەبدالکریم، چ٣، چاپخانەی پەیوەند، سلیمانی.

**2- سەرچاوە عەرببیەکان: (المصادر العربية)**

**1-2- کتێبەکان: (الكتابات)**

1- أبراش، إبراهيم. (1998) علم الاجتماع السياسي، ط1، مكتبة دار الشرق، عمان، الاردن.

2- أسماء، لبلق (2015) التحولات الثقافية والرمزية لمراسيم الزواج في الأسرة التلمسانية، ماجستر في علم الأجتماع الثقافي، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران.

3- أدلر، ألفريد (2005) معنى الحياة. ترجمة عادل نجيب بشرى، ط١، المجلس الأعلى الثقافة، قاهرة.

4- أكوافيفا، سابينۆ. (2013) علم الاجتماع الديني إلاشكالات والسياقات، ترجمة، عزالدين عينايت، ط1، هيئة ابو ظبي للثقافة، أبوظبي، الإمارات العربية المتعدة.

5- برفين، لوراس (2010) علم الشخصية، ترجمة، عبدالحليم محمود السيد والاخرون، ط١، مركز القومى للترجمة، قاهرة.

6- الحمداني، بشري حسين (2015) التربية الاعلامية، ط١، دار الوائل للنشر والتوزيع، الاردن.

7- خليل، محمد بيومي (2000) سيكولوجية العلاقات الأسرية، ط1، دار قباء للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة.

8- مصباح، عامر (2003) التنشئة الإجتماعية و السلوك الإنحرافي لتلميذ المدرسة الثانوية، الطبعة الأولى، دار الأمة للطباعة و النشر و التوزيع، الجزائر.

9- فياظ، حسام الدين (2015) مفهوم التنشئة الاجتماعية وأساليب المعاملة الولدية.

10- سلامة، عبد الحافظ (2013) علم النفس الاجتماع، دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، عمان، الأردن.

11- الحجى، أحمد و ديوان، أنس (2021) دور الاعلام التربوي فى التنشئه الاجتماعية، جامعة أدلب، سوريا.

12- لكحل، سيد على (٢٠٠٤) صراع التنشئة لاجتماعية بين مؤسسة الأسرة و مؤسسة الشارع، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية، قسم علم الاجتماع، جامعة جزائر.

13- السيد، فؤاد البهي و عبدالرحمان، سعد (1999) علم النفس الاجتماعى، دار الفكر العربى للنشر، قاهرة.
14- عامر، طارق عبدالرؤوف و المصرى، أيهاب عيسى (2013) مؤسسات التربية والتنشئة السياسية، ط١، مؤسسة طيبة للنشر و التوزيع، قاهرة.
15- العزيز، مها عبد (2014) مشكلات الأطفال، السلوكية، التعليمية، الصحية، مؤسسة شباب الجامعة للناشر، إسكندرية.
16- عبدالقادر، موفق عبداللة. (2011) منهج البحث العلمي وكتابة الرسائل العلمية، ط1، دار التوحيد، الرياض، سعودية.
17- صوالح، محمد أحمد و هوامزة، مصطفى محمود. (1994) أساسيات التنشئة ألاجتماعية للطفولة، ط1، دار الكندي للنشر والتوزيع، ألاردن.
18- ركخ، عبدالعزيز (2011) ما بعد دولة، الامة عند يورغن هابرماس، ط١، دار الامان، جزائر.
19- الفخرانى، خالد ابراهيم (2014) علم النفس العام، الناشر، جمعية جودة الحياة المصرية، جامعة طنطا، مصر.
20- الأسود، شعبان طاهر (2001) علم الاجتماع السياسي، ط٢، الدار المصرية للبنانية، قاهرة.
21- ظاهر، أحمد (1987) دراسات في الفلسفة السياسية، دار الكندى، الأردن.
22- عبدالباقى، زيدان (1989) علم الاجتماع الدينى، مكتبة غريب، القاهرة.
22- عبدالكافي، اسماعيل عبدالفتاع. (2012) اسس مجالات العلوم السياسية، ط1، الازاريطة، الاسكندرية، مصر.
24- إبراهيم، سليمان عبدالواحد يوسف (2014) ألشخسية الإنسانية وإظطراباتها النفسية، ط١، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان.
25- السيد، فؤاد البهي و عبدالرحمان، سعد (1999) علم النفس الاجتماعى، دار الفكر العربى للنشر، قاهرة.
26- فرؤم، أريك (2007) الأنسان من أجل ذاتة، ترجمة محمود الهاشمى، ط١، قاهرة.
27- فارس، عصام (٢٠٠٦) رياض الاطفال، التنشئة، الادارة، الانشطة، ط١، دار المشرق الثقافي، عمان.
28- مسعود، أحمد طاهر (2011) المدخل إلى علم الاجتماع، ط١، دار جيلس الزمان للنشر والتوزيع، عمان.
29 - ماركس، كارل. (1974) ونقدة فلسفة الحق عند هيغل، ترجمة، دار التقدم، موسكو.
30- ميكافيلي. (2004) كتاب الأمير، ترجمة، اكرم مؤمن، مكتبة أبن سينا، قاهرة، مصر.
31- سبيريكين. (1979) المادية التاريخية، ط1، دار مكتبة الحيات، بيروت، لبنان.
32- الشميري، فهد عبدالرحمان، (2010) التربية الاعلامية: كيف نتعامل مع الإعلام، ط1، مكتبة الملك فهد، الرياض، سعودية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

33- السلطاني، نرمين حسن (2018) سيكولجية العنف، وأثر علي التنشئة الاجتماعية للأبناء، ط١، السعيد للنشر والتوزيع، قاهرة.

34- متولي، مصطفى وآخرون (1993) المدرسة والمجتمع، دار الخريجي للنشر والتوزيع.

**2-2- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا کوردی: (رسالة ماجستير و أطروحة دكتوراة)**

1- عبدالله، چنار سعد. (2009) ڕۆڵ و کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوەتەوە، پێشکەش بە کۆلیژی ئاداب، بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر کراوە.

**2-2- نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای عەرەبی: (رسالة ماجستير و أطروحة دكتوراة)**

1- بهتون، نصرالدين (2008) الوضع الإقتصادى للأسرة و أثرة في التنشئة الإجتماعية للطفل المتخلف ذهنيا، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الاجتماعية و العلوم الإسلامية، قسم علم الاجتماع و الديمغرافيا، جامعة العقيد الحاج لخضر، باتنة، ولاية الجزائرية.

2- صباح، جعفر (2016) أنماط التنشئة الأسرية و علاقتها بدافعية الإنجاز لدى طلبة جامعة، أطروحة دكتوراة فى علم النفس الاجتماعي، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية، جامعة محمد خيضر بسكرة، جزائر.

3- قزرون، محند أعداب. (2011) المجتمع المدني عند هيجل، رسالة ماجستير، غير منشورة، مقدمة الى كلية العلوم الانسانية، قسم الفلسفة، جامعة الجزائر2.

4- عبداللة، اسو ابراهيم (2003) السمات القومية للشخصية الكردية، اطروحة دكتۆراه، غير المنشورة، مقدمة الي كلية للعلوم الانسانية، قسم علم الأجتماع في جامعة سليمانية.

5- حسين، محمد سعيد. (2011) المقومات الاجتماعية والسياسية للتسامع في المجتمع الكوردي، أطروحة دكتوراة، غير منشورة، مقدمة الى كلية الاداب، قسم علم الاجتماع، جامعة صلاح الدين، كردستان- العراق، أربيل.

**4- گۆڤاری زانستی عەرەبی: (المجلة العلمية العربية)**

1- مالک، شعبانى (2012)  دور التلفزيون في التنشئة الاجتماعية، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية و الاجتماعية، مجلد ٤، عدد ٧، الجزائر.

2- الرواس، أنور بن محمد (2014) مجلة كلية أداب والعلوم ألاجتماعية، جامعة السلطان قابوس، مجلد ٢، عدد ٦، عمان.

3- عالي، حسن (2018) الأسرة وعملية التنشئة الاجتماعية، مجلة الإنسان والمجال، مجلد ٤، عدد ٨، الجزائر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-3-English Sources: (سەرچاوە ئینگلیزییەکان)**

1. Allport, Gordon (1961) *Pattern and Growth in Personality*, by Holt, Rinehart and Winston, New York.

2. Hammaond, Ron J and Cheney, Paul ( 2010) *Sociology of the Family.*

3. Sharma, R. N (2009) *principle of Sociology*, Media promoters , publisher privet LTD, sixteenth edition, India, Mumbai city.

4. Richard A. and Lippa, Fullerton (2005) *Gender, Nature, and Nurture,* Second Edition, Mahwah, New Jersey.

5. Moussa, M. Y. (1993) *Islam and humanity's need of it*, al ihram commercial press, Cairo, Egypt.

6. Durkheim, E. (1995) *The Elementery forms of Religious Life*, translated by Karen E, New York. America.

7. Gurevitch, M et at (2005) *Culture, society and media*, second edition, London.

8. Goodwin, Robin (2009) *Changing Relations:* Achieving Intimacy in a time of Social Translation, First Publish, Cambride Universty Press, New York.

9. Schultz, Duane P and Schultz, Sydney Ellen (2005) *Theories of Personality*, Eighth Edition, United States of America.

10. Parsons, Talcott (2005) *The Social System*, This edition published in the Taylor & Francis e-Library.

11. Durkheim, Emile. (2003) *Sociology of Modernity*, translated by Mustafa Emirbayer, First published by Blackwell Publishing Ltd, UK.

12. Rocher, Guy (1972) *a General Introduction to Sociology, a Theoretical Persepective*, ranslated by Peta Sheriff, Canada.

**2-3- Scientific Journal English: - (گۆڤاری زانستی ئینگلیزی)**

1. Trung Kien, Nguyen (2018*) From Sociology of the Family to Sociology of Personal Life*: A Review of the Literature, Vol. 6, No. 22.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# The Relationship of Socialization with The Formation of Kurdish Individual Personality

**Prof. Dr. Saleem Patros Elias**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Salim.Elias@su.edu.krd

**Asst. Lect. Rozhgar Saadi Sabir**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Rozhgar.Sabir@su.edu.krd
Rozhgar.Saadi@gmail.com

***Keywords***: *Socialization, Personality, Family, School, Religious, Media*

## Abstract

The subject of the research (the relationship of socialization with the formation of the Kurdish individual personality) is a theoretical scientific research, with the aim of knowing and demonstrating the relationship with social institutions such as: family, school, religious institutions and media.

**Research objectives are:**

1- Knowing the role of the family in socialization and its relations with the formation of the personality of the Kurdish individual.

2- Recognizing the role of the school in socialization and its relationship to the formation of the Kurdish individual's personality.

3- Familiarizing with the role of religious institutions in social upbringing and their relations to the formation of the Kurdish individual's personality.

4- Understand the role of the media tools in socialization and its relationship to the formation of the Kurdish individual's personality.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە (٤)، پایز ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ملخص البحث

هذة البحث (علاقه التنشـــئة الاجتماعية بتكوين الشـــخصـــية الفرد الكوردى) بحث علمى نظري، يهدف الى معرفة و أظهار العلاقة مع المؤسسات الاجتماعية مثل: الأسرة، المدرسة، المؤسسات الدينية و وسائل الاعلام.

**أهداف بحث هي:**

1- أبراز دور الاسرة في التنشئة الاجتماعية و علاقاتها بتكوين شخصية الفرد الكوردى.
2- أدراك دور المدرسة في التنشئة الاجتماعية و علاقاتها بتكوين شخصية الفرد الكوردى.
3- معرفة دور المؤسسات الدينية في التنشئة الاجتماعية و علاقاتها بتكوين شخصية الفرد الكوردى.
4- فهم دور وسائل الاعلام في التنشئة الاجتماعية و علاقاتها بتكوين شخصية الفرد الكوردى.